# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چەند ناوێکی خۆی بۆمان گێڕایەوە، لەو ناوانەیش کە لەبەرمان کرد، فەرمووی: من موحەمەد، وئەحمەد و(ئەلموقەفی:المقفي)، و(ئەلحاشیر:الحاشر)، و(نەبی ئەلڕەحمە:نبي الرحمة)م

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چەند ناوێکی خۆی بۆمان گێڕایەوە، لەو ناوانەیش کە لەبەرمان کرد، فەرمووی: «من موحەمەد*، وئەحمەد**، و(ئەلموقەفی:المقفي)^، و(ئەلحاشیر:الحاشر)^^، و(نەبی ئەلڕەحمە:نبي الرحمة)~م». *(هەموو سیفەتە چاک وباشەکانی تێدایە)، **(زۆر سوپاسگوزارە وحەمدی -خوای گەورە- دەکات)، ^(واتە: کۆتا پێغەمبەرە وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نایەت کە پەیامێکی تر بهێنێت وئیسلام کۆتا پەیامە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- لە قیامەت دادەبەزێت لە ئاسمانەوە بەڵام وەکو پێغەمبەرێک نایەت کە پەیامێکی تری هێنا بێت بەڵکو خۆی پێغەمبەرە و وەکو فەرمانڕەوایەک دێت بۆئەوەی ڕێگای ڕاست بە جولەکە وگاوڕەکان نیشان بدات وببێتە بەڵگە لەسەریان وحوکم بە شەریعەتی ئیسلام دەکات)، ^^(واتە: یەکەم کەسە کە لە قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوە وحەشر دەکرێت، هەروەها لێکدانەوەیەکی تر بۆ مانای ئەم ناوە کراوە ئەویش ئەوەیە خەڵکی لە لای ئەو کۆ دەبنەوە لە قیامەتدا)، ~(واتە: پێغەمبەری ڕەحمەت وسۆز وبەزەییە بۆ هەموو بوونەوەرێک وشتێک لە گەردوون)

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند ناوێکی خۆی بۆ هاوەڵان گێڕایەوە، وهاوەڵان ئەم ناوانەیان لەبەرکرد: موحەمەد*، وئەحمەد**، و(ئەلموقەفی:المقفي)^، و(ئەلحاشیر:الحاشر)^^، و(نەبی ئەلڕەحمە:نبي الرحمة)~، ولەو ناوانە کە هاتووە: (نبي التوبة): واتا پێغەمبەری تەوبە کردن؛ مەبەست ئەوەیە تەوبە کردن لە شەریعەتی کۆتا پێغەمبەردا تەنها بە نیەت ودەربڕینە وهەروەها کردەوە کردنیش لە پاش ئەم دەربڕین ودانپێدانانە، چونکە تەوبەی ئومەتانی پێشووتر بە خۆکوشتن بوو، یان: بە مانای ئەوە دێت ئومەتەکەی زۆر تەوبە دەکەن وبەردەوامن لە تەوبەکردن وگەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، چونکە ئومەتەکەی زۆرترینن لە ڕوانگەی ژمارەوە بۆیە تەوبەیان لە هەموو ئومەتەکانی تر زۆرتر دەبێت. ولەو ناوانەش: (نبي الملحمة): واتا: پێغەمبەری جەنگ؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی سوور بوو لەسەر جیهاد کردن بۆ ئەوەی وشەی خوای گەورە بەرز بێت وتەوحید -یەک خودا پەرستی- بڵاو ببێتەوە وئاینی ئیسلام کە ئاینی خودایە بە هەموو مرۆڤەکان بگات وڕزگاریان بێت لە دۆزەخ وبچنە بەهەشتی هەتاهەتایی. *(هەموو سیفەتە چاک وباشەکانی تێدایە)، **(زۆر سوپاسگوزارە وحەمدی -خوای گەورە- دەکات)، ^(واتە: کۆتا پێغەمبەرە وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نایەت کە پەیامێکی تر بهێنێت وئیسلام کۆتا پەیامە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- لە قیامەت دادەبەزێت لە ئاسمانەوە بەڵام وەکو پێغەمبەرێک نایەت کە پەیامێکی تری هێنا بێت بەڵکو خۆی پێغەمبەرە و وەکو فەرمانڕەوایەک دێت بۆئەوەی ڕێگای ڕاست بە جولەکە وگاوڕەکان نیشان بدات وببێتە بەڵگە لەسەریان وحوکم بە شەریعەتی ئیسلام دەکات)، ^^(واتە: یەکەم کەسە کە لە قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوە وحەشر دەکرێت، هەروەها لێکدانەوەیەکی تر بۆ مانای ئەم ناوە کراوە ئەویش ئەوەیە خەڵکی لە لای ئەو کۆ دەبنەوە لە قیامەتدا)، ~(واتە: پێغەمبەری ڕەحمەت وسۆز وبەزەییە بۆ هەموو بوونەوەرێک وشتێک لە گەردوون، ونەرم ونیان و بەبەزەیی و بەڕەحمە بەرامبەر هەموو شتێک لە گەردووندا ئەمیش بەهۆی ئەو شەریعەتەی پێی نێردراوە، و بەتایبەت ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران چونکە تایبەتمەندی خۆیان هەیە)